خزمەتگوزاریی دەستێوەردانی سەرەتایی لە ناوچەی Kleve دا

# هەموو منداڵان دەتوانن سەرکەوتنی زۆر دەستەبەر بکەن

نێوەڕۆک

| | |
|---|---|
| مێژینەی خزمەتگوزاریی دەستێوەردانی سەرەتایی لە ناوچەی Kleve دا | 4 |
| ئەسڵەکانی خزمەتگوزاریی پشتگیری تێکەڵی پێشکەش کراو لەلایەن ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییەوە | 7 |
| لە یەکەمین پەیوەندییەوە تاکو کۆتایی دەستێوەردانی سەرەتایی | 8 |
| کارگێران و ئامرازەکانی یەکەکانی ئێمە | 10 |
| فێرکردنی تایبەت: ڕوانین بۆ تاکەکەس وەکو گشت | 12 |
| فیزیۆتراپی: بزاوتنی ئەندامەکان | 14 |
| ئێرگۆتراپی: هەست کردن، لەمس کردن، بەڕێوەبەرایەتی کردن | 17 |
| چارەسەری قسەکردن: زمان واتە ڕاهاتن | 19 |
| یارمەتی دوولایەنە | 22 |

بڵاوگە:
Frühförderstelle für den Kreis Kleve gGmbH
Bury-St.-Edmunds-Straße 11
47623 Kevelaer
تەلەفۆن: 4228 2832 (0) 49+
kevelaer@ffs-kreiskleve.de
www.ffs-kreiskleve.de

Nebenstelle Kleve
Bahnhofstraße 35a
47533 Kleve
تەلەفۆن: 93699 2821 (0) 49+
kleve@ffs-kreiskleve.de
www.ffs-kreiskleve.de

وێنەکان:
Binn Medienproduktion, Kevelaer

چەمک، دەق، نەخشەسازی:
Eva Ehren Grafikdesign, Kevelaer

## مێژینەی خزمەتگوزاریی دەستێوەردانی سەرەتایی لە ناوچەی Kleve دا
### وێنایەک کە دەبێتە راستی

"کەیفخۆشین کە
ئێستاکە دەتوانین چارەسەری نێوان
لقەکان پێشکەش بکەین و ڕێبازی تەواوی ئێمە نەتەنیا تواناییەکان
بەڵکو کەسایەتی منداڵانی ژێر چارەسەری
ئێمەش بەهێزتر دەکات. توانایی
فێربوون و وەرگرتن لە یەکەمین
ساڵەکانی ژیاندا پتر
لە قۆناخەکانی تری ژیانە."

چالاکی ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی لە ساڵی 1981 ەوە دەستی پێکرا. هەرچەند، چارەسەرکردن لە ڕێگای دەستێوەردانی سەرەتاییەوە دە ساڵ پێشتر لەو بەڕوارە بنیاتی دانرا و لەگەڵ بەڵێنی کۆمەڵایەتی تاکە جیاوازەکاندا پێوەندی چنگاوچنگی هەڵکرد. لە سەرەتای دەیەی 70 دا، پزیشکی منداڵانی Kevlaerer و سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی خێرخوازیی Aktion St. Nicolaus، دکتۆر فێردیناند هلپێن ئێشتەین (Helpenstein Ferdinand)، لە ڕێگای پێشکەش کردنی چارەسەری فیزیۆتراپی بۆ منداڵانی کەمئەندام کە وەکو نەخۆش دەهاتنە نووسینگەکەی ئەو، دەست بە کار بوو. لەو کاتەدا، سیستەمی پێشکەش کردنی چاوەدێری هێشتاکو بەتەواوەتی دانەمەزرابوو و ئەمە بەو واتایە کە دایکوباوک بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری چارەسەری لە پسپۆڕانی شیاو دەبوا مەودایەکی زۆر تێپەڕینن.
لە ساڵی 1979 دا، ئەنجومەنی خێرخوازی Lebenshilfe، لە ژێر سەرپەرشتی سابین ئاگوستین (Sabine Augustin) سەرۆکی کاتی خۆی، پێشنیاری دامەزرانی ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی بۆ فێرکردنەکانی تایبەت لە ناوچەی Geldern پێشکەش کرد. تەقریبەن لە هەمان کاتدا، Aktion St. Nicolaus داواکاریەکی بۆ بەڕێخستنی ناوەندێکی دەستێوەردانی سەرەتایی پێشکەش کرد. لە سەر پێشنیاری بەڕێوەبەری کاتی ئەنجومەنی ناوچە، Rudolf Kersting، لە ژێر چاوەدێری سەرپەرشتی ناوچەی Kleve گرێبەستێک بۆ تێکەڵ کردنی ئەم دوو داواکاریە ئامادە کرا.

شاری Kevelaer لە ڕێگای دابین کردنی دەرەتانێ بۆ گواستنەوەی خێرای یەکەکە لە شوێنی کاتیی بۆ تەلاری کۆنی شار، لەم گەلاڵەیە پشتگیری کرد. کەرستەی جۆراوجۆری پێویست بۆ نوێکردنەوە و رازاندنەوەی سەرەتایی بیناکە لە ڕێگای دامەزراوەی خێرخوازی Lebenshilfe ناسراو بە "Aktion Sorgenkind" (ئێستاکە ناسراو بە "Aktion Mensch") مسۆگەر بوو.
Aktion St. Nicolaus وەکو بەرپرسی بەشی فیزیۆتراپی مایەوە و Lebenshilfe پێشکەش کردنی فێرکردنی تایبەتی بە ئەستۆ گرت. ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی پێوەندی کرد بە Deutschen Paritätischen Wohlfahrtsverband (یەکیەتیەکانی ئاسوودەیی ئاڵمانی فیدرال)ەوە کە ڕێکخراوەیەکی پشتگیری بۆ ڕێکخراوەکانی ئاسوودەیی بوو و دەستی کرد بە چارەسەرکردنی منداڵان لە سەرانسەری ناوچەی Kleve دا.

## دەست پێکردنی چارەسەریی نێوان لقەکان

ئامانجی ئەم تێکەڵ کردنە، پێکهێنانی گەڵاڵەیەکی پێشڕەو بۆ هاوکاری پزیشکە شارەزاکان و گروپە فێرکاریەکان بوو. ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی لە ناوچەی Kleve دا رێگای بۆ چارەسەریی نێوان لقەکانی منداڵە کۆرپەکان و منداڵان لە سەرانسەری وڵاتدا کردەوە. ئەوڕۆکە، ئەم جۆرە رێبازەی هاوبەشی بە فەرمی ناسراوە و لە هەموو شوێنێکدا پێڕەو دەکرێت و لە بەر پشتگیری یاسا دایە، بەتایبەت SGB (یاسای مسۆگەرکردنی کۆمەڵایەتی) 9 ش هەیە.
Aktion St. Nicolaus لە بەدیهاتنی وەها چەمکێک بەتەواوەتی پشتگیری کرد و لە خولەکانی فێرکردنی بەربڵاودا کە بۆ کارگێڕانی سەرقاڵی بابەتەکانی فێرکردنی منداڵان رێکخرابوو، بەشداری کرد. لە ساڵی 1995/6 دا ئەم ئەنجومەنە لە سەر یەکەمین چاکسازیەکانی ناوەندی Kleve تەقریبەن بە بێ پێدانی پارە لە لایەن ئەنجومەنەوە، سەرمایەی دانا. لە ساڵی 2006 دا، Aktion St. Nicolaus بینایەکی کڕی و ئەوەی بە تەواوەتی نوێکردەوە و کردیە نووژەن (مۆدێرن).

لە ساڵی 1989 دا، لە سەر پشتگیری پێکهاتەی "Aktion Sorgenkind"، یەکەیەکی یارمەتیدەر لە Kleve دا دامەزرا. زیادکردنی رێژەی منداڵانی ژێر چارەسەری دەبووە هۆی ئەوەی کە کارگێڕانێکی زۆرتر بۆ خزمەت کردن بەکار بهێنرێن و چەمکی سەرەتاییش پەرەی پێ بدرێت.
بۆ گەڕەنتی چالاک بوونی داهاتووی ناوەندەکە، ئەنجومەنێک بۆ پشتگیری لە ناوەندەکە لە ساڵی 2001 دا دامەزرا.

لە هاوینی ساڵی 2008 دا، وەکو یەک "ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی نێوان لقەکان" (IFF) ناسراین کە خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵ پێشکەش دەکات. واتە ئێمە بە فەرمی لەگەڵ ئاژەنسەکانی پشتگیری (ئاژەنسی ئاسوودەیی و شەریکەکانی ئینشورانسی تەندروستی) بەرپرس بووین بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پشتگیری و چارەسەریی بۆ منداڵانی موحتاجی پشتگیریی تێکەڵ.

## دامەزرانی شەریکەیەکی بێ بەرژەوەندی

لە یەکەمی سێپتامبەری 2008 دا، ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی گۆڕدرا بە شەریکەیەکی بێ بەرژەوەندی. بە مەبەستی ئیمکانی پەرەپێدانی گەڵاڵەکەو زیاترکردنی رێژەی کارگێڕەکان و تا رادەیەک گەڕەنتی رێبازێکی شارەزاتر لە رێکخستنی ناوەندەکەدا، ئەم گۆڕانکاریە لە بارودۆخی یاسایی ئەوەدا پێویست بوو. بەمجۆرە، ئیتر ئەم یەکانە لەگەڵ لێژنەی بەڕێوەبەری دڵخواز بەڕێوەبەرایەتی نەدەکرا و ئەم کارە بە ئەستۆی لێژنەیەکی جێبەجێکەری هەمیشەیی بوو.

"ماڵین لەلایەن Elena خۆشە و رەنگی لە بەر دڵی من سوورە"

### ئەسڵەکانی خزمەتگوزاریی پشتگیری تێکەڵی پێشکەش کراو لەلایەن ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییەوە

## پشتگیری تاکەکەسی پاش لەدایکبوون

کەمئەندامیەکان یان ئاڵۆزیەکانی گەشە دەتوانن هۆی زۆریان هەبێت. هەر بەم هۆیە لێکدانەوەی پێشینەی منداڵ و خێزانەکەی ئەو بۆ پێشکەش کردنی ڕێنوێنی شیاو بەوان لە کاتی پێویستدا، گرنگایەتی زۆری هەیە.
ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی ناوچەی Kleve یەکێ لە یەکەمین یەکەکانی ئاستی وڵاتە کە خزمەتگوزاری چارەسەریی نێوان لقەکان بۆ منداڵە کۆرپەکان و منداڵان پێشکەش دەکات.

لە یەکەمی جوولای 2007 ەوە، ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی نێوان لقەکانی (IFF) ئێمە، بە پێی بەشەکانی 30 و 56ی یاسای مسۆگەرکردنی کۆمەڵایەتی 9ی بە شێوەیەک لە ژێر ناوی یەک "خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵ" بەڕێوەچووە. ئامانجی ئەم ناوەندەی پشتگیری تێکەڵ، خستنەناو بازنەی منداڵانی کۆرپەو ئەو منداڵانەیە کە لە سەرەتای لەدایکبوونەوە تاکو تەمەنی خوێندنگە پێویستیان بە پشتگیری تێکەڵ، پشتگیری بۆ دەوا/پزیشکی و هەروەها پشتگیری تایبەت هەیە. بەمجۆرە منداڵان بە کەڵک وەرگرتن لە فیزیۆتراپی، ئێرگۆتراپی و/یان چارەسەریی قسەکردن هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی پشتگیری فێرکردنی تایبەت، دەکەونە بەر چارەسەریی. ئەم کارانە دەکرێن هەم بە شێوەی هاوکات، یەک بە دوای یەک، یان بە شێوەی دوابەدوای یەک و بە کرژی جیاوزەوە جێبەجێ بکرێن. دەتوانن زانیاریی زۆرتر لەسەر بواری کاری پسپۆڕانی ئێمە، لە لاپەڕەی 12 بەولاوە دەستەبەر بکەن.

### دکتۆرێک و فیزیۆتراپیستێک گروپەکەی ئێمە تەواو دەکەن

پزیشکی منداڵان و فیزیۆتراپیست لە ماڵی ئێمەدا پشتگیری زۆرتر پێشکش دەکەن و دەکرێت لە نێوان کارەکانی دیاری کردنی سەرەتاییدا و یان لە ماوەی چارەسەری سەرەکیدا لە یارمەتیدانی ئەوان کەڵک وەرگیردرێت.

پزیشکی منداڵانی ئێمە زۆرتر خاوەن پسپۆڕایەتی مێشک و ئەعساب و گەشەی عەسەبییە. وێرای ئەوە ئەو بەرپرسی سەرەکی بەرنامەی چارەسەرکردن لە دانیشتنەکانی بابەتی نێوان لقەکان دایە و فەرمانبەرێکی پزیشکییە کە لەسەر هەموو کارەکانی چارەسەر کردن کە لە ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییدا جێبەجێ دەکرێن، چاوەدێریی هەیە.
دەروونزان نەتەنیا چاولێکردنەکە جێبەجێ دەکات، بەڵکو نەخۆشەکانیش چارەسەر دەکات. لە نێوان کارەکانی دیاری کردندا، قۆناخەکانی گشتی گەشەی منداڵ لێکدەدرێتەوە. تێکۆشانی ئێمە ئەوەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە کاری تاقیکردنەوەی تایبەت، هۆیکانی ئاڵۆزیی جۆراوجۆر بدۆزینەوە. پاشان ئەم ئاکامانەی دەروونزانیی دەکرێ بخرێنە ناو بەرنامەی گشتی چارەسەر کردن. پێبەستەی پێداویستیەکان، هەندێ راوێژکاریی بۆ دایکوباوکان لەسەر پشتگیری گەشەسەندن پێشکەش دەکەین و ئەگەر کەمئەندامی لە مندالەکەیاندا دیاری بکرێت، پشتگیری دەروونزانیش پێشکەشی ئەوان دەکرێت. لەم یەکەدا، بەرنامەی خێزانی سیستەماتیک پێڕەو دەکرێت. بوارەکانی سیستەماتیک و پێوەندی نێوان تاکەکان لە گروپێکدا، وەکو پێگەی دیاری کردن و چارەسەر کردنی کێشە هەستیارانەکان و پێکدادانەکانی نێوان تاکەکان کەڵکی لێوەردەگیردرێت.

**لە یەکەمین پەیوەندییەوە تاکو کۆتایی دەستێوەردانی سەرەتایی**

## هەنگاو بە هەنگاو تاکو گەیشتن بە ئامانج

ئەگەر دایکوباوک سەبارەت بە گەشەسەندنی منداڵەکەی خۆیان بەپەرۆشن، یەکەمین قۆناخی پەیوەندی، پەیوەندی کردن بە پزیشکی منداڵانی ئەوانەوەیە. پزیشکی منداڵان لەسەر پێویستی دەستێوەردانی سەرەتایی بۆ منداڵەکەی ئەوان بڕیار دەدات و سفارشتی ناردن بۆ کاری دیاری کردن لە بۆ خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵ دەنووسێت (کاری "نواندن" جێبەجێ دەکات).
پزیشکی منداڵان دەبێت ئەم سفارشتەی ناردن بە کەڵک وەرگرتن لە فۆرماتی M16 بنووسێت تاکو دڵنیا ببێتەوە کە خەرجییەکانی چارەسەری لە بووجەی خودی ئەو نادرێت. هەرچۆنێک بێت، لە ماوەی خولی تەواوی وەرگرتنی خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵدا، ناکرێت چارەسەریی زۆرتر – جگە بۆ پشتگیری دەستێوەردانی سەرەتایی – بۆ منداڵەکە بنوێنێت.

دەقی ناوەوەی فۆڕمی ناردنی پزیشکی دەبێت بەمجۆرە بێت: "ناردن بۆ کاری دیاری کردنی سەرەتایی لە بۆ پشتگیری دەستێوەردانی سەرەتایی". وێرای ئەوە پزیشکەکە دەبێت هۆیەک بۆ پێویستی فێرکردنی تایبەت ئاماژە پێ بکات و شرۆڤەی بکات کە کامیەک لە کارەکانی دیاری کردنی ئەو پێویستی بە چارەسەر کردنی دواتر (فیزیۆتراپی، ئێرگۆتراپی، چارەسەرکردنی قسەکردن) هەیە.

**لە یەکەی پشتگیری سەرەتاییدا**

بەم سفارشتەی ناردن، دایکوباوک دەتوانن سەردانی یەکێ لە یەکەکانی ئێمە لە Kevelaer یان Kleve دا بکەن و منداڵەکەی خۆیان بە شێوەی ئامادەبوون لەوێدا یان بە تەلەفۆن ناونووسی بکەن. یەکەی Kevelaer زۆرتر منداڵانی باشووری ناوچەکە چارەسەر دەکات. منداڵانی باکووری ناوچەکە لەلایەن یەکەی یارمەتیدەر لە Kleve دا چارەسەر دەکرێن.

لە دانیشتنی چارەسەر کردندا، کارەکانی دیاری کردنی نێوان لقەکان جێبەجێ دەکرێت. بە پێی ئاکامە دەستکەوتووەکان، بەستەیەکی چارەسەرکردن بۆ منداڵ لە بەر چاو دەگیردرێت. ئەم بەستەیە بۆ پەسند کردن دەنێردرێت بۆ ئاژەنسی پشتگیری (شەریکەکانی ئینشورانسی تەندروستی و ئاژەنسەکانی پشتگیری ئاسوودەیی).
ئەگەر بەرنامەکە پەسند بکرێت، خەرجییەکان بۆ خولێکی کاتیی دیاریکراو دەکەونە ناو بازنە. ئەگەر کاری دیاریکردنی بە ناو بەدواداچوونانە جێبەجێ بکرێت، ئیمکانی تازەکردنەوەی خولی چارەسەر کردن هەیە.

ئێستاکە پشتگیری و چارەسەرکردنی منداڵ بە پێی بەرنامەی تاکەکەسی پشتگیری و چارەسەرکردن دەست پێدەکات. هەمووی هۆکارەکانی پشتگیری و چارەسەرکردن لەلایەن کارگێڕانی ئێمەوە دابین دەکرێن. کارەکانی چارەسەرکردن لە یەکەکانی ئێمەدا بە شێوەی ئاسایی بە پێی کاری سەرپایی جێبەجێ دەکرێن.

"من بە هەندێ هۆ منداڵەکان
لە نووسینگەی خۆمەوە
دەنێرم بۆ یەکەی پشتگیری سەرەتایی. زۆرتر، ئەوان پێویستیان
بۆ رێنوێنی بە
رێگای راست هەیە."

هەرچەند، ئەگەر هەلومەرجی پزیشکی یان کۆمەڵایەتی پێویست بکات، منداڵەکان دەتوانن لەماڵیشدا بکەونە بەر چارەسەر کردن. ئاگاکردنەوەی دایکوباوک و کەسانی تری گرنگی نزیک بە منداڵەکە، لە رەوتی چارەسەرکردندا رۆڵێکی گرنگیان هەیە؛ هەروەها کە باس و هاوکاری لەگەڵ پزیشکەکان، باخچەی ساوایان و دامەزراوەکانی تری هاوکار گرنگە.

**خەرجییەکان رێکوپێک کراون**

خەرجیی کارەکانی دیاریکردنی سەرەتایی لەلایەن شەریکەکانی ئینشورانسی تەندروستییەوە دەدرێن. ئاژەنسەکانی ئاسوودەیی و شەریکەکانی ئینشورانسی تەندروستی لە پێدانی خەرجییەکانی پێوەندیدار بە پشتگیری دواترەوە هاوبەشن.

**رەوتی پشتگیری دەکرێتە بەڵگەدار**

فایلێکی دۆسیە لە سەرەتای چارەسەریدا پێکدێت. ئەم فایلە بریتییە لە زانیاریگەلێک لەسەر پێشینەی نەخۆشەکە، دەستکەوتەکانی چارەسەریی/فێرکردن، زانیاریی چارەسەریی، راپۆرتەکان و بەڵگەکانی پێوەندیدار بە کاری دیاریکردنی سەرەتایی لەگەڵ زانیاریی کاری دیاریکردنی بەدواداچوونانە ئەگەر جێبەجێ بکرێت و پاش تەواوکردنی دوایین کاری دیاریکردن دادەخرێت.

**کۆتایی دەستێوەردانی سەرەتایی**

رێساگەلێکی جۆراوجۆر هەن کە دەبنە هۆی کۆتایی پێهاتنی دەستێوەردانی سەرەتایی؛ بۆ نموونە:

- گەیشتن بە دوایین ئامانج
- وەرگرتنی منداڵ لە باخچەیەکی ساوایانی ژێر پشتگیری (باخچەی ساوایانی راهاتوو، باخچەی ساوایانی فێرکردنی تایبەت یان باخچەی ساوایانی چارەسەری قسەکردن)
- دەست پێکردنی وەرزی خوێندنگەی منداڵەکە
- حەزی دایکوباوک بۆ کۆتایی پێهاتنی دەستێوەردانی سەرەتایی

**کارگێڕان و ئامرازەکانی یەکەکانی ئێمە**

## ئێوە لێرەدا هەست بە رەحەتی دەکەن

"پێنجشەممە ئەو رۆژەیە حەزم لێیەتی لەبەر
ئەوەی کە دەڕۆمە یەکەی دەستێوەردانی سەرەتایی.
من لەو کارانەی کە لەوێدا جێبەجێیان دەکەم زۆر رازیم.
ریتا زۆربەی کات بە من دەڵێت 'بەڕاستی ئێوە
ئەوەتان بەچاکی جێبەجێ کردووە،' و ئەمە
هەر ئەو شتەیە کە زۆرترین خۆشی لێدەبەم."

بۆ دڵنیابوونەوە لە سەرکەوتنی چارەسەری نێوان لقەکانی منداڵانی کۆرپەو منداڵانی گەورەتر، گروپێک لە کارگێرانی شیاو و هەروەها بیناگەلێکی رازاوە بە ئامرازمان لە بەر دەست دایە.

**بیناکانی ئێمە**

ئێمە ژوورگەلێکی جۆراوجۆرمان لە بەردەست دایە کە بە شێوەی چاک بۆ جۆرە جیاوازەکانی پشتگیری و چارەسەریی بە ئامراز رازاونەتەوە. ئەم ژوورانە لەلایەن هەموو کارگێڕەکانەوە کەڵکیان لێوەردەگیردرێت. بۆ گەڕەنتی رەوتە شیاوەکانی رێکخراوەیی، لە هەر ژوورێکدا بەرنامەیەکی کاتی دامەزراوە.
ئەو ژوورانەی خوارەوە لە بەر دەست ئێمەدان:

- ژووری منداڵە کۆرپەکان لەگەڵ تەختی چارەسەریی
- ژووری چارەسەریی تاکەکەسی لەگەڵ ئامرازگەلێکی جۆراوجۆر وەکو حەوزی تۆپ
- ژوورەکانی چارەسەریی دەروون بزاوتنی/ژوورەکانی وەرزش
- ژوورەکانی یاری کردن
- ژوورەکانی ئارام بوونەوە
- ژوورەکانی کار
- ژوورەکانی وتووێژ

**کارگێرەکانی ئێمە**

ئەو کەسانەی کە لە ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی ناوچەی Kleve دا کار دەکەن، بریتین لە پسپۆڕانی فێرکردن (تایبەت)، دەروونزانەکان، ئێرگۆتراپیستەکان، پسپۆڕانی چارەسەریی قسەکردن، پسپۆڕێکی منداڵان، فیزیۆتراپێک و کارگێرانی فەرمانگە.
ئەم پسپۆرایەتیانە وەکو بەشی پێویست بۆ پێشکەش کردنی بە ناو "خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵ" دەناسرێن و ئەندامانی کارگێر شیاویەتی جۆراوجۆریشیان هەیە؛ وەکو ئاشنایی لەگەڵ چەمکەکانی Bobath و Vojta، راهاتوویی هەستیارانە، چارەسەریی لە رێگای قاپڵۆخی سەرەوە، چارەسەریی سیستەماتیکی خێزان، چارەسەری زار (دەم) و چێشت خواردن و شتی تر.

**ئێمە بایەخێکی تایبەت دەدەینە بە گروپ کارکردن**

گروپی ناو هەر یەکەیەک بۆ باس لەسەر پێویستییە تاکەکەسیەکانی هەر منداڵێک و هەروەها بابەتەکانی پسپۆڕایەتی، بابەتی ڕێکخراوەیی و وەکو ئەوانە، حەوتەیەک جارێ پێکەوە دیدار دەکەن. وێرای ئەوە، کارگێرانی هەردوو یەکەکە، بۆ بەرێوەبردنی دانیشتنی گروپەکە بە گشتی لە مانگدا جارێک لە دەوریەک خڕدەبنەوە.

**کار لەگەڵ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی تر بەشێک لە یاساکانی ئێمەیە**

هەرکام لە پزیشکانی منداڵان کە لەگەڵ ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی هاوکاری هەیە، سێ جار لە ساڵدا دێنە یەکەکە تاکو سەبارەت بە چارەسەریی منداڵەکان قسە بکەن و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پێشکەوتن یان کێشەکان و هەروەها پەسندی چارەسەریەکانی دواتر بهێننە ئاراوە.
ئێمە پێوەندی نزیکی خۆمانمان پاراستووە و وتووێژ لەگەڵ باخچەی ساوایانی فێرکردنی راهاتووانە/تایبەت و باخچەی ساوایانی تایبەت بە قسەکردن و چارەسەریی زمان کە منداڵانێکی زۆر پاش تەواوبوونی چارەسەریی لەلایەن ئێمەوە لەوێدا ئامادەن، بەهێزتر دەکەین. هەروەها ئێمە لەگەڵ باخچەی ساوایانی سەرەکیدا کە منداڵانی ژێر پشتگیری ئێمە رەنگە لەوێدا هەبن، پێوەندی نزیکمان هەیە.

وێرای ئەوە، لەگەڵ ناوەندەکانی خێزانیی، یەکەکانی پشتگیری لاوان، ناوەندی راوێژکاریی خێزانیی SPFH و ناوەندەکانی تر کە پشتگیری تر پێشکەشی خێزانەکان دەکەن، لە پێوەندیداین. ئێمە هەروەها لەگەڵ ئەنجومەنەکانی ئاسوودەیی و کۆمیتەکانی کارناسی ئەواندا هاوکاریمان هەیە.

## فێرکردنی تایبەت
## روانین بۆ تاکەکەس وەکو گشت

فێرکردنی تایبەت لقێک لە فێرکردنە کە ئامانجەکەی، بارهێنان، پشتگیری و فێرکردنی ئەو منداڵانەیە کە لە گەشەسەندندان و هەلومەرجێکی سەختیان هەیە. ئەم فێرکردنانە تیشک دەخەنە سەر ئەو کەسانەی کە تووشیاری ئاڵۆزی جەستەیی، دەروونی/فیکری، هەست، زمانی، دڵۆڤانی یان کۆمەڵایەتین و/یان بە دەست کەمئەندامیەوە لە رەنجدان.
لە ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییدا، فێرکردنی تایبەت ئەو منداڵانەی کە هێشتاکو نەگەیشتوونەتە تەمەنی خوێندنگە بەڵام لەلایەن پزیشکەوە وەکو کەسانی تووشیاری ئاڵۆزی گەشەی جەستەیی، دەروونی، هەست یان دلۆڤانین یان تووشیاری کەمئەندامی دیاری کراون، لە بەر دەگرێت.

### ئامانجەکانی فێرکردنی تایبەت

ئامانجی فێرکردنی تایبەت، هاندانی منداڵ و خێزانەکەی ئەوە بۆ دەرخستنی توانایيە شاراوەکانی ئەوان. ئامنجە گشتیەکانی خوارەوە لە بەر چاو گیراون:

- بەرگیری لە ئاڵۆزیەکان
- توانایی بەخشین بۆ دواکەوتنی گەشەسەندن
- بەرزکردنەوە و گەشەی زۆرتری کەسایەتی
- بەرزکردنەوەی توانایی بۆ کردەوە بە پێی حەزی تاکەکەسی خۆ
- کەمکردنەوەی وریایی ئاڵۆزی
- پێوەندیدان بە کۆمەڵگاوە
- باشترکردنی چۆنیەتی ژیان

پشتگیری و چارەسەریی بەتەواوەتی لەگەڵ ژیانی منداڵدا تێکەڵ دەبێت و بە هاوکاری دایکوباوک یان کەسانی تری گرنگ کە لە ژیانی منداڵەکەدا دەوریان هەیە، پێبەستەن.

ڕێگایەک کە ئەم هاوکاریە تیایدا پێکدێت، ڕەنگە بگۆڕدرێت. بۆ نموونە، یاری کردن لەگەڵ دیکەی منداڵانی هاوتەمەندا بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە و پشتگیری پێویست لە گروپە بچووکەکاندا پێکدێت. فێرکردنی تاکەکەسی و/یان چارەسەریی پزیشکی بە پێی بەرنامەی چاودێریی کە بەشەکانی پسپۆڕایەتی ئێمە لەسەری ڕێکەوتوون، جێبەجێ دەبێت.

**بوارەکانی پشتگیری و شێوەکانی پشتگیری**

بناخەی نێوەڕۆکی فێرکردن شێوە و چەمکەکانی چارەسەریی تایبەتە و ئەو بوارانەی پشتگیری خوارەوە لە بەر دەگرێت:

- پشتگیری فێرکردنی تایبەت لە ڕێگای یاری کردنەوە
- شیاویەتی کۆمەڵایەتی-هەستیارانە، توانایی هەڵسوکەوت (دانوستان)، ئاکاری کاریگەر
- ڕاهاتن لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە، سەربەخۆیی و بڕیاردان
- توانستی ناسین
- لێکدانەوەی تێگەیشتن
- پشتگیری لە گەشەسەندنی دەروون بزاوتنی
- شارەزایی بزاوتنی ناپۆختە و زۆرچاک، ڕێکەوتوویی، هێز و خۆڕاگری

بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە بە هاوبەشی دایکوباوک هۆکارە تاکەکەسیەکان لە شوێنی ماڵی منداڵەکەدا کۆبکەینەوە و ژیانی ڕۆژانە چاکتر بکەین. ئەم تێشک خستنە سەر خێزانە، سەرکەوتوویی چارەسەریی و پشتگیری پێشکەشکراو لەلایەن ئێمەوە گەرەنتی دەکات. سەرکەوتن بەتەنیا پێبەستەی تواناییەکانی کارکردن نییە بەڵکو ڕەوتەکانی پێوەندی کە لە نێوان دایکوباوک و منداڵدا پێکدێت تیایدا دەستی هەیە.

ئێمە لە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرین:

- جمووجووڵی بنەڕەتی
- مەشق کردن لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە یاری کردن
- مەشق و ڕاهێنانی ڕێکوپێک
- پشتگیری بۆ تێگەیشتن
- گەشەسەندنی زمانی/پشتگیری زمانی
- پشتگیری لە گەشەی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی

**چارەسەریی دەروون**

## جووڵانەوەی ئەندامەکان

وشەی physiotherapy (چارەسەری دەروون) لە واژەی یونانی "physikos" وەرگیراوە کە بە واتای "پێوەندیدار بە سروشت" یان "جەستەیی"یە. چارەسەری دەروون جۆرێکی چارەسەریە کە پێوەندیدارە بە تاک و لەشی ئەو لە هەر دوو ئاستی ناچالاک و چالاک. لە بنەڕەتدا، هەموو ئەو منداڵانەی کە لە بەر مەترسی بەدواکەوتنی گەشەوەن، دەبێت بکەونە بەر چارەسەری دەروون:

- منداڵانی تووشیاری بەدواکەوتنی گەشەی جەستەیی، دەروونی و هەستیاریی
- منداڵانی تووشیاری ئاڵۆزی گەشەسەندنی بزاوتن
- منداڵانی تووشیاری ئاڵۆزی تێگەیشتن
- منداڵانی تووشیاری کەمئەندامی جەستەیی و دەروونی

**ئامانجەکانی چارەسەریی دەروون**

ئامانجەکانی چارەسەریی منداڵ لە رێگای چارەسەریی دەروونەوە لەلایەن دایکوباوکەوە کۆدەکرێتەوە و لەلایەن گروپی نێوان لقەکان، بریتی لە پزیشک، پسپۆڕی فێرکاریی و چارەسەرناسەکان کەوتوونەتە بەر باس. ئامانجی چارەسەریی لە رێگای چارەسەری دەروون، مسۆگەرکردنی زۆرتری سەربەخۆیی لە ژیانی رۆژانەی منداڵدا.

"کچەکەی ئێمە سارا ئێستا دوو ساڵەیە
و لە گەڵ سەندرۆم داون لەدایک بوو.
لە کاتی سێ ساڵانیەوە، لەگەڵ ئەو هاتینە ناوەندی
دەستێوەردانی سەرەتایی. لەوێدا، هاودڵییەکی زۆرمان
لەلایەن کارگێڕانەوە دیت و بە ئێمەیان نیشان دا کە چۆن دەکرێت
لە کاریگەری ئەرێنی یاری
کردن لە گەشەی کچەکەماندا کەڵک وەرگرین.
بەڵام تەنیا شتێ کە بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوە بوو کە هەمووان
بە رەزایەتەوە هەموو پرسیارەکانی ئێمەیان وەڵام دەدایەوە و هەندێ کات
هەستی ئێمە ئەمە بوو کە ئێمە لەبەر پشتگیری هەستیارنەش داین.
دەستێوەردانی سەرەتایی، بە ئێمە بڕوابەخۆبوونێک دەبەخشێت
کە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کەمئەندامی کچە
خۆشەویستەکەمان پێویستمان بوو."

**بوارەکانی پشتگیری و شێوەکانی چارەسەریی**

لە دانیشتنەکانی چارەسەریدا لە ڕێگای فیزیۆتراپی، منداڵەکە لە ڕێگای مەشقی خافڵاندن پشتگیری دەکرێن. سەرەتا ئێمە گەشەی شارەزاییەکانی جموجوولی ناپۆختە و زۆرچاکی منداڵ و هەروەها گەشەی دەروون بزاوتنی لێکدەدەینەوە؛ واتە هەمان کاریگەری زۆرینە کە ئێمە لەم جۆرە گەشەیەدا دەتوانین هەمانبێت. مێشکی منداڵان هێشتاکو باڵغ نەبوو و کەواتە ئێمە دەتوانین لە ڕێگای چارەسەریی ئامانج بۆ دانراو سەرکەوتنێکی زۆر دەستەبەر بکەین.
لە چارەسەریی دەروون دا، تیشک خراوەتە سەر منداڵ و توانستەکانی تاکەکەسی ئەو و ئەم توانستانە بە شێوەیەکی هاندەرانە بەهێز دەکرێن. ئێمە هەڵخڕێنەر و کەرستەی جۆراوجۆر بۆ هاندانی گەشەی دژکردەوەکان و ئاکامەکانی جەستەیی منداڵ دابین دەکەین.

لە دەستێوەردانی سەرەتاییدا، چارەسەریی دەروون تیشکی خستووەتە سەر ئەو بوارانەی خوارەوە:

- شارەزاییەکانی جموجوڵێ ناپۆختە
- شارەزاییەکانی جموجوڵی زۆرچاک
- وریایی لەشی
- هاوسەنگی
- شیاویەتی
- شارەزاییەکانی بزاوتنی دەم (زار)
- تیشک خستنە سەر

پێشکەش کردنی ڕێنوێنی و ڕاوێژکاریی بۆ دایکوباوکان، بەشێکی گرنگ لە چارەسەریی دەروون لە قەڵەم دەدرێت. چارەسەریی دەروون لەگەڵ دایکوباوکان پێوەندی نزیکی هەیە و فێری ئەو خاڵە گرنگانەیان دەکات کە بە هاسانی دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا کەڵکیان لێوەرگیردرێت، تاکو ئەوان بتوانن لە گەشەی منداڵەکەی خۆیاندا پشتگیری بکەن.
ئەو شێوازانەی خوارەوە وەکو بەشێک لە چارەسەری دەروون لە ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێت:

- چارەسەریی عەسەبی-فیزیۆلۆژیکی بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکەکانی Bobath یان Vojta
- مەشقی دەروون بزاوتنی
- فێرکردنەکانی هەستیارانە
- شارەزاییەکانی بزاوتنی زار (دەم)
- کاری لەشی لە ڕێگای چارەسەریی قاپڵۆخی سەر
- چارەسەریی لە ڕێگای هەناسەوە

"هوورا، من هاوین دەرۆمە خوێندنگە

زۆر سەخت و دڵتەزێنە کە ئیتر ناتوانم سەردانی ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی بکەم"

**ئێرگۆتراپی**

## هەست کردن، لەمس کردن، بەڕێوەبەرایەتی کردن

ئێرگۆتراپی لە وشەی یونانی "ergon" وەرگیراوە و بە واتای "کار، چالاکی، کاردەستی، کردەوە، ئەنجامی کار"ە. ئێرگۆتراپی شێوەیەکی چالاکی چارەسەرییە؛ لەبەر ئەوەی کە نەخۆش دەبێت خۆی بە پێی فەرمانەکاریەکانی پزیشک بجوڵێنێت.

ئێرگۆتراپی بۆ منداڵانێ کە تووشیاری ئەو بابەتانەی خوارەوەن کەڵکی لێوەردەگیردرێت:

- بەدواکەوتنی گەشەی جەستەیی، دەروونی و هەستیارانە
- ئاڵۆزی ورد و گەورەی شارەزایی جووجووڵ
- ئاڵۆزی راهاتنی هەستیارانە
- کەمئەندامی جەستەیی و دەروونی

**ئامانجی ئێرگۆتراپی**

کاری دیاری کردن بۆ ئێرگۆتراپی و ئامانجەکانی چارەسەری بە هاوکاری دایکوباوک و پزیشکێک کە منداڵەکەی ناردووە، ئامادە دەکرێت. ئامانجە درێژخایەنەکان، گەڕەنتی دەست راگەیشتنی منداڵ بە سەربەخۆیی لانی زۆر لە هەموو لایەنەکانی ژیانی رۆژانە، گەشە و بەرزکردنەوەی شارەزایی جووجووڵی ورد و گەورە، هاوسەنگی، تێگەیشتن و لێکدانەوەی هاندەرە هەستیارانەکان و بەرگیری لە ئاڵۆزی لاوەکی لە بەر دەگرێت.

**بوارەکانی پشتگیری و شێوەکانی چارەسەرکردن**

ئێرگۆتراپی چارەسەریەکی تەواوە؛ بۆ وێنە لە روانگەی گەشەی گشتی ئەوەوە بریتی لە گەشەی کۆمەڵایەتی، هەستیارانە، جەستەیی و دەروونی دەکەوێتە بەر لێکدانەوە.
ئەم چارەسەریە لە رێگای تیشک خستنە سەر یاری کردن، ژیانی رۆژانەو ئەزموونە کردەوەییەکان تێدەکۆشێت کە منداڵەکە ئەزموونە دەستکەوتەکان لە هەلومەرجەکانی تری ژیانی رۆژانەشدا بەکار بهێنێت.

ئەم چارەسەریە دەتوانێت ئەو بابەتانەی خوارەوە لە بەر بگرێت:

- جێبەجێ کردنی چالاکی رۆژانە
- بزاوتن
- یاری کردن
- چالاکی دەستی

کار لەگەڵ دایکوباوک، بەشێکی گرنگی تری ئێرگۆتراپییە. دایکوباوک بە شێوەی چالاکانە لە مەشقەکاندا بەشداری دەکەن و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی چارەسەریی لە ژیانی رۆژانەدا پیشانیان دەدرێت. بە کەسانی گرنگی تر لە ژیانی منداڵیشدا پەیوەندی دەکرێت و ئەمە بەو واتایە کە ئێمە لەگەڵ باخچەی ساوایان یان دامەزراوەکانی تر کە مندالەکە تیایادا هەیە، بە رێکوپێکی لە پێوەندیداین.

ئەو شێوازانەی خوارەوە لە ئێرگۆتراپیدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێت:

- چارەسەرکردنی راهاتنی هەستیارانە
- شارەزایی ناسک لە جمووجووڵدا و مەشق و راهێنانی نووسین
- فێرکردنی تێگەیشتن بە چاو
- هاندانی سەرەکی (بنەڕەتی)
- مەشقی جۆراوجۆری فێرکردن بۆ تیشک خستنە سەر
- فێرکردنی سەربەخۆیی

لە پزیشکی بۆ منداڵاندا، چارەسەریی راهاتنی هەستیارانە کە بە پێی تیۆری جین ئایرێسە (Jean Ayres)، بناخەی هەموو شێوەکانی چارەسەری تر پێکدێنێت. ئەم چارەسەریە بە پێی ئەسڵەکانی گەشەی عەسەبییە. راهاتنی عەسەبی واتە تێگەیشتن، لێکدانەوە و جێبەجێ کردنی دژکردەوەی شیاو لە بەرانبەری هاندەرە بەرهەمهێنراوەکان لەلایەن شوێن یان خودی لەشی ئێمەوە. ئێمە زانیاریەکان نەتەنیا لە رێگای چاو (دیتن)، گوێ (بیستن)، لووت (بۆن کردن) و زمان (چێشتن) وەردەگرین بەڵکو زانیاریی لە رێگای هەست (لەمس کردن)، بزاوتن، قورسایی و بارودۆخی لەشیش (سیستەمی هاندەرەیی ئەندامانی دەروونی و پێوەندیدار بە گورچیلە) وەردەگیردرێن. کاری ئامانج خوازانە و بەرنامە بۆ دارێژراو بەتەنیا لە کاتێکدا بە دروستی دەکرێ جێبەجێ بکرێت کە سیستەمی عەسەبی ناوەندی (CNS) هاندەرە هەستیارانەکان بە شێوەی شیاو لێکبداتەوە.
لە رێگای چارەسەرکردنی راهاتنی هەستیارانەوە، ئێمە بە منداڵەکە پیشان دەدەین کە چۆن لەگەڵ لەشی خۆی و ژینگەی دەوروبەر دانوستانی و هەڵسوکەوتی هەبێت تاکو لەش چۆنیەتی دژکردەوەی شیاو لە بەرانبەر هاندەرەکاندا فێر ببێت. ئەم چارەسەریە لە مەشقی خافڵاندن وەکو رێگای سەرەکی خافڵاندنی منداڵ کەڵک وەردەگرێت؛ لەبەر ئەوەی کە ئەم راهێنانانە هاندەریی منداڵەکە زیاتر دەکەن و لە ئەنجامدا پێشکەوتن خێراتر دەکات. راهێنانی کۆنترۆڵ و جمووجووڵ کە رێکخراوە لەگەڵ پێویستیەکانی تاکەکەسی منداڵ، بە شیوەی ئامانجدار لە بەرنامەکەدا دەگونجێندرێن. ئێمە لە ئامرازی جۆراوجۆر (وەکو تەختە خەوی هەڵاواسراو، جێلەکانی، تەختەی ئێسکەیت، دیواری چوونە سەرەوە) و کاری دەستی (وەکو کار لەگەڵ قوڕ، کار لەگەڵ دار، گەڵاڵەی گرافیکی) کەڵک وەردەگرین تاکو بە منداڵەکان دەرفەتی ئەزموون کردنی بازنەیەکی بەربڵاو لە هاندەرە هەستیارانەکان و پێوەند دانی واتاداری ئەم ئەزموونانە لەگەڵیەک، بدرێت؛ بەتایبەت کاتێ کە بابەتی ئەزموونی کاری پێوەندیدار بە گورچیلە، هاندەریی عەسەبی ئەندامانی دەروون و لەمس کردن لە ئارادا بێت. منداڵ دەبێت لە بابەتی گەشەی سەربەخۆیی و خۆئاگایی خۆیدا بکەوێتە بەر پشتگیری. ئەم چارەسەریە لەگەڵ قۆناخەکانی گەشەی منداڵ راهاتووە و تیشکی خستووەتە سەر توانایی و پێویستیەکانی ئەو.

**چارەسەریی قسەکردن**
## زمان واتە راهاتن

رستەی ئاڵمانی چارەسەریی قسەکردن "Logopädie " لە وشەی یونانی "logos" (واژە) و "paideuein" (بارهێنان) وەرگیراوە. چارەسەریی قسەکردن لە دەستێوەردانی سەرەتاییدا لەگەڵ منداڵانێک سەروکاری هەیە کە بە هۆی ئاڵۆزی لە زمان، دەنگ، قوڕگ (حەنجەرە) یان تێگەیشتن لە قسەکردن، توانایی پێوەندی کردنی کەمیان هەیە (بریتی لە زمانیی و نازمانیی).
ئەگەر منداڵێک بەتەنیا بتوانێت خۆی بە شێوەیەک بناسێنێت بە هاوتاکانی، قسەکردنی پێخۆش نەبێت یان بەتەنیا کەمەکێک قسە بکات و نەتوانێت دەنگی جۆراوجۆر بە دروستی دەرێنێت، یان ئەو وشانەی کە کەڵکی لێوەردەگرێت لە تەمەنی 2 ساڵانیدا کەمتر لە 50 وشە بێت، ئەم منداڵە دەبێت بکەوێتە بەر پشتگیری تاکو بۆ پێشوەچوونی شارەزایی زمانی خۆی هان بدرێت.

چارەسەریی قسەکردن لەو بابەتانەی خوارەوەدا پێشکەش دەکرێت:

- ئاڵۆزی لە دەربڕیندا (وەکو پس بوون و بە نووک زبان قسەکردن یان دەربڕینی دەنگی جۆراوجۆر وەکو وتنی پار بە جێی کار)
- کێشە لە رستەبەندیدا (بۆ وێنە ریزی نادروستی وشەکان) و/یان گرامێر
- وشە نادیارەکان و/یان دیاری سنووردار
- کێشەی تێگەیشتن لە بابەت
- ئاڵۆزی لە تێگەیشتن یان لێکدانەوەی دەنگ (وەکو کێشە لە سەرنجدان، گوێدان، ناسینی دەنگەکان، ناسینی ریزی رەقەمەکان یان وشەکان)
- بەدواکەوتن لە گەشەی زمانی/ئاڵۆزی گەشەی زمانی
- ئاڵۆزی حەنجەرە (قوڕگ) یان کێشەی زار/خواردن/ خواردنەوە
- کێشەی تەندروستی (تری، توندبێژی)، نارێکوپێکی دەنگ (بۆ وێنە دەنگی ئارام)، رینۆفۆنیا و ریناڵالیا (دەنگی من یان نێو لووت)
- نارێکوپێکی لە قسەکردندا بە هۆی قەڵشتی لێو و ئاسمانەی دەم

**ئامانجەکانی چارەسەریی قسەکردن**

بە هاوکاری پزیشکەکان، چارسەرناسەکان و مامۆستاکان، ئامانجە درێژخایەنەکانی چارسەریی قسەکردن بە شێوەی لابردن یان باشترکردنی نارێکوپێکیەکان/ئاڵۆزیەکان بە مەبەستی هاسانکاریی لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا و بەرزکردنەوەی چۆنیەتی ژیان پێناسە کراوە.

ئامانجە تایبەتەکان بریتین لە:

- بەهێزترکردنی ماسولکەکانی دەم (زار) و ڕوومەت وەکو ماسولکەکانی پێویست بۆ قسەکردن
- چاکسازی خواردن و خواردنەوە
- پشتگیری لە گەشەی قسەکردن، هاندانی توانستی باشترکراوی تێگەیشتن لە قسەکردن
- چاکسازی زاراوە، کەمکردنەوەی کێشەی زاراوە و دەربڕین
- زیاترکردنی وشەکانی نادیار و/یان دیار
- بەرزکردنەوەی توانایی ڕێزمان و توانایی ڕستەبەندی
- بەرزکردنەوەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەنگ، زیاترکردنی توانستی سەرنجدانی دەنگ
- کەمکردنەوەی بەدواکەوتن لە گەشەی زماندا/ئاڵۆزیەکانی گەشەی زمان
- فێرکردنی پێوەندیەکانی پەسندکراو بۆ زیاترکردنی ڕێگاکانی دەست ڕاگەیشتنی منداڵ بە زمان (بەرزکردنەوەی تواناییەکانی پێوەندیی – کردەوە خواز)
- چاکسازی لە بە ڕەوانی و ڕوونی قسەکردندا (چاکسازی کاتبەندی قسەکردن)
- کەمکردنەوەی ئاڵۆزی دەنگ (چاکسازی هەناسە یان کاری هەناسەدان)
- چاکسازی کەڵک وەرگرتن لە ئاماژەکان، ڕەوشی ڕوومەت و لەش
- ڕاوێژکاریی لەگەڵ دایکوباوک (پشتگیری لە گەشەی زمان لە ڕێگای فێربوونی ئاکاری پێوەندی تایبەت، ڕێنوێنی لەسەر چۆنیەتی ڕاهێنان لە ماڵدا)

"سەرەتا من بەڕاستی نەمدەزانی بۆچی
کوڕەکەی ئێمە پێویستی بە دەستێوەردانی سەرەتاییە.
بەڵام دەبێت دان بەوەیدا بنێم کە پاش تێپەڕینی چەند
مانگ، پاتریک زۆر چاکتر قسەی دەکرد و بەڕاستی بە
چاکی بە گاوڵکێ (چوارپەل) دەڕۆیشت. وێرای
ئەوە ئەوەی زۆرتر ببووە جێی سەرسووڕمانی
من ئەوە بوو کە ئەو خۆڕاگرتر بوو و
لە باری دەروونی و دەرەکیەوە زۆر
شادتر دەهاتە بەرچاو. کەواتە، دەستێوەردانی
سەرەتایی بۆ ئێمە بەڕاستی پڕبایەخ بوو."

**بوارەکانی پشتگیری و شێوەکانی چارەسەرکردن**

چارەسەریی قسەکردن جەختی هەیە لەسەر گەشەسەندنی منداڵ و بەرنامەی چارەسەرکردن لە سەر بناخەی کاری دیاری کردن و هەروەها پرسیار لە دایکوباوک راوەستاوە. چارەسەرکردن بە کەڵک وەرگرتن لە راهێنانی خافڵاندن و بەشداری دانی بازنەی ئەزموونەکانی منداڵ لە چارەسەرکردندا جێبەجێ دەبێت. بەشێکی هەرە گرنگ لە چارەسەریی قسەکردن، هاوکاری لەگەڵ دایکوباوکە. دایکوباوک چالاکانە لە رەوتی چارەسەریدا بەسداری دەدرێن و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی چارەسەریی لە ژیانی رۆژانەدا پیشانی ئەوان دەدرێت. پێوەندی نزیک و رێکوپێک لە نێوان کەسانی پێوەندیدار بە منداڵەکەوە (بریتی لە دایکوباوک، باوە گەورە و دایە گەورەکان، باخچەی ساوایان، چارەسەرناسەکان، پزیشکەکان) دەپارێزرێت تاکو پشتگیری شیاو کە بەپێویستە بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی منداڵ لەو مەودا کاتییە دیارەدا، گەرەنتی بکرێت.

شێوەکانی بەکارهێنراو لە چارەسەری قسەکردندا ئەو بابەتانەی خوارەوە لەبەر دەگرێت:

- چارەسەریی زاراوە (چۆنیەتی دەربڕینی وشە)
- چارەسەریی پێوەندیدار بە کاری ئەندامەکانەوە
- چارەسەریی پێوەندیدار بە زار، خواردن و خواردنەوە
- چارەسەریی بەدواکەوتنەکان/ئاڵۆزی گەشەسەندنی زمان
- فێرکردنی وشەکان
- فێرکردنی تێگەیشتن لە دەنگ
- چارەسەرکردنی تری/توند بێژی
- چارەسەریی دەنگ
- فێرکردنی رەحەتی تمدد عەسەبەکان
- پێوەندی پەسندکراو

**پشتگیریمان لێ بکەن!**

## یارمەتی دوولایەنە

ئەنجومەنی پشتگیری ناوەندی دەستێوەردانی "Förderverein Frühförderstelle für den Kreis Kleve e.V."، سەرەتایی، لە ساڵی 2001 دا دامەزرا. بە پێی پێڕەوی ئەم ئەنجومەنە، ئامانجەکەی یارمەتیدانی مادی و رۆحی ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتاییە. بۆ وێنە لە هاوینی ساڵی 2007 دا، ناساندنی "خزمەتگوزاری پشتگیری تێکەڵ" بووە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمپیۆتەری کە وێستگەی کارکردنی بۆ هەموو کارگێڕەکان هەیە. لەوێوە کە ئێمە بەتەنیایی نەماندەتوانی خەرجییە زۆرەکانی پێوەندیدار بەم بابەتەوە مسۆگەر بکەین، ئەنجومەنی پشتگیری هاتە ناو کار! بە یارمەتی ئەوان بوو کە توانیمان پێویستیەکانی پێویست بۆ کاری دیاری کردن مسۆگەر بکەین. خەرجیی ئەم پێویستیانە بۆ دوو تاقیکردنەوەی نوێی گەشەسەندن ET6-6 (لە 6 مانگیەوە تا 6 ساڵانی) و Wiener Entwicklungstest) WET یان تێستی گەشەسەندنی ڤیێنا، لە 3-6 ساڵانی) بووە چوار رەقەمی. بە بی پشتگیریەکانی ئەنجومەن ئێمە نەماندەتوانی ئەم ئامرازانە مسۆگەر بکەین.
وێرای پشتگیری لە مسۆگەرکردنی کەرستەی سەرەتایی، ئەنجومەنی پشتگیری کێشە و نیگەرانیەکانی ئەو منداڵ و خێزانانەی ئەوان کە دێنە یەکەکەی ئێمە، لە لایەن ئەوانەوە لەگەڵ ئێمە دەهێنێتە ئاراوە و لە راهاتنی ئەوان پشتگیری دەکات.

یارمەتی ئێمە بدەن کە یارمەتی ئێوە بدەین و ئەندامێک لە ئەنجومەنی پشتگیری ناوەند بن. داواکاریی بۆ بە ئەندام بوون ساکارە - هەر ئەوەندە بەسە کە فۆڕمی پاشکۆ پڕبکەنەوە.

**یارمەتی ماڵیی راستەوخۆ**

لەوێوە کە ناوەندی دەستێوەردانی سەرەتایی رێکخراوەیەکی بێ بەرژەوەندییە، ئێوە دەتوانن لە رێگای یارمەتی ماڵیی راستەوخۆوە، لە ئێمە پشتگیری بکەن. ئەگەر لە بەرانبەر یارمەتی ماڵییدا داوای پەڕاوە بکەن، بەوپەڕی رەزامەندیەوە ئەو کارە جێبەجێ دەکەین.

زانیاریی بانکی: Frühförderstelle für den Kreis Kleve gGmbH
Verbandssparkasse Goch -ژمارە حەسێب: 240846 - کۆدی ریزدان: 32250050
Volksbank an der Niers eG -ژمارە حەسێب: 4302520017 - کۆدی ریزدان:32061384